# بەرەو داڕشتنی ڕێبازێک بۆ:
# ڕەخنەی ئەدەبی کوردی
## (سەرنجێکی ڕەخنەیی لە سێ هەوڵی خۆماڵی)

**د. فوئاد ڕەشید**
**(زانکۆی سەلاحەددین — کۆلێژی پەروەردەی بنیات)**

**پێشەکی:**

بوونی ڕێباز و تیۆرێکی ڕەخنەیی سەربەخۆ بۆ هەر بزاڤێکی ڕەخنەیی لەنێو هەر نەتەوەیەکدا، بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، لەلایەک نیشانەی وزە و توانایی هۆشمەندیی ڕەخنەیی و میتۆدبەندیی لەلای ئەو میللەتە دەخاتە ڕوو، وەک بەشدارییەکیش لە ئاستی جیهانیدا دەچێتە نێو هەوڵی داهێنەرانەوە، ئەگەر دەرفەتی پەڕینەوەی بۆ دەرەوەی سنووری خۆی هەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی ئەزموونی ئەدەبی دەقی خۆماڵیی، زیاتر ئەدگارە بابەتی و ئیستێتیکییەکانی دەقی ئەدەبی نەتەوەیی بەرجەستە دەکات.

لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەگر و نووسەرانی کوردیش چەند هەوڵێکیان داوە، ئەگەرچی ناگاتە ژمارەی پەنجەکانی دەست، ئۆباڵی کەمی هەوڵەکان، بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بارودۆخە دژوار و نالەبارە سیاسییەی کە میللەتی کورد پێیدا تێپەڕیوە.

ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە، هەوڵدانێکە بۆ ناساندن و خستنەڕووی هەوڵەکانی ڕەخنەگرانی کورد بۆ داڕشتن و دامەزراندنی ڕێباز و ئاراستەیەکی ڕەخنەیی بۆ دەقی ئەدەبی کوردی، بەتایبەتییش بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەوڵەکەی نووسەر و ڕەخنەگر (هۆشەنگ شێخ محەمەد- ئیشراق وەک ڕامانێکی ڕەخنەیی).

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دەروازەیەک و دوو تەوەر پێکهاتووە:**

لە دەروازەکەدا ئاماژەیەکی کورت بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دوای ڕاپەڕین دراوە، لەم میانەشدا گرنگترین گۆڕانکارییەکانی ئەو قۆناغە دیاری کراوە.

**تەوەری یەکەم:** بە ناوونیشانی (دەق لە نێوان بنیاتی شاراوە و دیدێکی ئۆنتۆلۆجیدا) تەرخانکراوە بۆ ناساندن و خستنەڕووی هەردوو هەوڵی (نەجات حەمید- تیۆری بنیادی شاراوە)، (هەرێم عوسمان - دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە).

**تەوەری دووەمیش،** بەناوونیشانی (دەق لەبەردەم خوێندنەوەیەکی ئیشراقیدا) ناساندن و شیکردنەوە

و هەڵسەنگاندنە بۆ کتێبی (ئیشراق وەک ڕامانێکی ڕەخنەیی) هۆشەنگ شێخ محەمەد، کە ئەمە ئەرکی سەرەکی ئەم کورتە نووسینەیە.

لە کۆتاییشدا چەند خاڵێک وەک ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشان کراوە.

بەدڵنیاییەوە، ئەم سێ هەوڵە، لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زیاتریان پێویستە، هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەک وورووژاندنی بابەتەکە سەرنجی لێ بدرێت، بەڵکوو نووسەران و توێژەرانی کورد، شیکردنەوە و خوێندنەوەی دیکەی بۆ بکەن و هاندەرێکیش بێت بۆ هەوڵی دیکەی نوێ، لە چوارچێوەی بنیادنانی تیۆر و میتۆدێکی سەربەخۆ بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی تێکستی ئەدەبی بەگشتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی.

**دەروازە:**

نیو سەدە زیاترە، نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد دەرکیان بە کەلێنێکی مەعریفی ڕەخنەیی کردووە، لەنێو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا کە بریتییە لە نەبوونی ڕێباز و قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی خۆماڵی، تایبەت بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی تێکستی ئەدەبی کوردی.

پێم وابێت کۆنترین ئاماژەدان بەم کەلێنە مەعریفییە بۆ وتارێکی (حسێن محەمەد سەعید) بە زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە بەناوونیشانی (أزمة النقد الأدبي الكردي)، لە ڕۆژنامەی (التآخي)، لە ١٩٦٨/٨/٢ بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر لەم وتارەیدا ئاماژەی بە چەند کێشە و کێماسییەکی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی داوەو لە کۆتایی ئەم ئاماژەپێدانانەی دەگاتە ئەوەی جەوهەری تەنگژە و کێشەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەوەدا دەبینێت کە (قوتابخانەیەکی ڕەخنەییمان نییە) تایبەتمەندێتی ئەزموونی



نەجات حەمید

ئەدەبی کوردی ڕەچاو بکات.

لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، بارودۆخی کوردستان بەگشتی لە زۆر بوارەوە گۆڕانکاری بەسەرداهات، یەکێک لەمانە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بوو.

لەم قۆناغەدا، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چەند گۆڕانکاری و نوێکارییەکی بەخۆیەوە بینی وەک:

١- بڵاوکردنەوەی (بەیاننامەی ڕەخنەیی ١٩٩٢): کە لە ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ کتێبی وەرزی (پرۆژە) وە بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن بەڕێزان (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، محەمەد ئەمین ئەحمەد، حەمید ڕێبوار) نووسراوە و ئامادەکراوە.

ئەم بەیاننامەیە- یەکەمین بەیاننامەی ڕەخنەییە لە بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا - وەک لە ناوونیشانی دووەمیدا نووسراوە (پرۆژەیەک بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەیی)، واتە گوتاری ئەم بەیاننامەیە ئاراستەی نێوخۆی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کراوە، بە بۆچوونی نووسەرانی بەیاننامەکە قۆناغی ڕەخنەی کوردی لەپێش بەیاننامەکەدا زیاتر ( (وەزیفەیەکی

کۆمەڵایەتی و چینایەتی و نەتەوایەتی هەبووە، هەوڵی سەرەکی نووسەری ڕەخنە موحاسەبەکردنی نووسەر بوو دوور لە دەق)) (١) لەبەر ئەم هۆیە دروشمێکی سەرەکی ئەم بەیاننامەیە بریتی بوو لە:

**دەق دڵی خوێندنەوەیە**

**ناوەوەی دەق**

**دەق، دەق، دیسانەوە دەق.**

**لە ناوەوەی دەقەوە بەرەو دەرەوە.**

**دەق.. دەق، بەرەو دەقێکی کراوە. (٢)**

ئەم بەیاننامەیە لە گۆشەنیگای هەرسێ جەمسەرەکەی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبییەوە، (نووسەر، دەق، خوێنەر) پتر جەختیان لە خودی دەق و شیکارییەکی بنیادگەرییانەی دەق دەکردەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هاوڕای بنیادگەری فۆرمالیستی نەبوون، بۆیە گوتوویانە ((لەچوارچێوەی بنیادی دەقی داخراو، بەرەو دەرەوەی دەق دەردەچین، دەلالەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی، بێ ئەوەی ڕێگە بدەین ئەم کارەمان زیان بەلایەنی ئیستێتیکا بگەیەنێت)) (٣)

واتە هاوسەنگی ڕاگرتنێک لەنێوان ناوەوە و دەرەوەی دەق، ئەمەش بۆخۆی بەگشتی هەنگاوێکی دروستە، بەتایبەتیش بۆ قۆناغی بەیاننامەکە، ئەگەرچی لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا (١٩٨٨ -١٩٨٩) چەند وتارێکی ڕەخنەییمان هەیە لە ڕوانگەی بنیادگەرییەوە، دەقیان خوێندووەتەوە، بەڵام ئەم بەیاننامەیە کە لە هۆشمەندییەکی ڕەخنەییەوە نووسراوە، بە دانانی خاڵێکی وەرچەرخان لەچوارچێوەی نوێکردنەوەی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دادەنرێت.

**٢- گەشەکردنی ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی:**

ئاشکرایە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی لە ئاستی خوێندنی باڵادا (ماستەر) لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە کە لە بواری ئەدەبدا ماستەرنامەی (د. دڵشاد عەلی)، (بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا) یەکەمین ماستەرنامەی بواری ئەدەب بوو. (٤)

لەدوای ڕاپەڕینەوە لەڕێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانەوە، بەشە کوردییەکان زیادیان کرد و توێژینەوەی ڕەخنەی ئەکادیمی گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. چەندان نامەی ماستەر و دوکتۆرا بۆ توێژینەوە لە ئەدەبی کوردی بە هەموو ژانرەکانییەوە تەرخان کران. بە چاوپۆشین لە چۆنێتی و چەندایەتی ئاستی ئەم نامانە، بە گشتی نامەکان، ڕەخنەی ئەدەبی کوردییان لە سنووری وتاری ڕۆژنامەگەری و کتێب و نامیلکە پەڕاندەوە بۆ نێو بازنەی ئەکادیمی و ڕووبەرێکی نوێیان بۆی فەراهەم کرد.

٣- لەدوای ڕاپەڕینەوە: گرنگترین نوێکاریی لە فەزای ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بریتییە لە هاتنە کایەی چەند هەوڵێکی تیۆری و پراکتیکی بە مەبەستی داڕشتن و دامەزراندنی ڕێباز و ئاراستەیەکی سەربەخۆ و خۆماڵی بۆ بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

دەکرێ بەپێی ڕیزبەندی مێژووی لەدایکبوونی ئەم هەوڵانە، بەم شێوەیە ئاماژەیان پێ بدەین:

- هەوڵی نەجات حەمید (بنیاتی شاراوەی دەق - ١٩٩٨).
- هەرێم عوسمان (دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە-٢٠١٨)
- هۆشەنگ شێخ محەمەد (ئیشراق وەک ڕامانێکی ڕەخنەیی- ٢٠٢٢)

**تەوەری یەکەم:**

**دەق لەنێوان بنیاتی شاراوەو دیدێکی ئۆنتۆلۆجیدا:**

**یەکەم:** کتێبی تیۆری بنیاتی شاراوە (نەجات

حەمید ئەحمەد، ٢٠٠٨).

نەجات حەمید، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٨، تیۆری بنیاتی شاراوەی بڵاوکردەوە، دواتر تێروتەسەلتر و بە نموونەی پراکتیکییەوە لە دووتوێی کتێبێکی (٧٦٠) لاپەڕەییدا لە ساڵی (٢٠٠٨) جارێکی تر بڵاوی کردەوە، واتە ئەم کتێبە جگە لە (بەیاننامەی ڕاگەیاندنی تیۆری بنیاتی شاراوەی دەق) چەند نموونەیەکی پراکتیکیشی دەربارەی تیۆرەکە لەخۆگرتووە، لە بوارەکانی فیکر و فۆلکلۆر و شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی.

ناوبراو لەم کتێبەدا بە بۆچوونی خۆی تیۆرێکی ڕەخنەیی داڕشتووە، بە مەبەستی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی کوردی و بەرهەمی بوارە مەعریفەییەکانی دیکەش.

نووسەر ئەم پێکەوە گرێدانەی تیۆر و پراکتیک، بە تایبەتمەندییەکی کارەکەی خۆی دەزانێت و دەڵێت (یەکەمین جارە لە ئەدەبی کوردی و جیهانی، تیۆرییەک چ لەڕووی شیکردنەوە و چ لەڕووی پراکتیکییەوە و چ لەڕووی فرەڕەنگی شیکردنەوەکانیدا لەیەک کاتدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران (٥)

زۆر جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەم تیۆرە بەرهەمی خۆیەتی و دەڵێت «ئەم کتێبە... ڕەنجی پازدە ساڵی بەردەوامی منە لە کارکردن لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی و..... ئەم کارانە زادەی بیر و نووسینی خۆمن و دوورن لە کاریگەری و وەرگرتن و لاساییکردنەوە» (٦)

هەوڵ و باوەڕ بەخۆبوونیشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هەموومان (مرۆڤین و داهێنان خەسڵەتی دیکتاتۆری و مۆنۆپۆڵکردن لە خۆناگرێت) (٧)

* خستنەڕووی کورتە ناساندنێکی تیۆری بنیاتی شاراوە.

لەو ڕوانگەیەوە، مەبەستی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە پەنجە خستنە سەر بیر و هەوڵی خۆماڵییە لە بازنەی بوونی میتۆدێکی ڕەخنەیی سەربەخۆ؛ بۆیە لێرەدا شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سەرتاپای کتێبێکی تیۆری و پراکتیکی (٧٦٠) لاپەڕەیی، بە ئەرکی خۆمان نازانین؛ چونکە کارێکی تێروتەسەلتر و وردتری دەوێت.نووسەری کتێبی (تیۆری بنیاتی شاراوە) لە لا (٨١- ٩٣) بەناوونیشانی (بەیاننامەی تیۆری بنیاتی شاراوە- ٢٠٠٦) کورتە ناساندنێکی بۆ چەمکە سەرەکییەکانی تیۆرەکەی کردووە و مەبەستی لە چەمکەکانی (بنیات، بنیاتی ڕووکەش، بوون و بنیاتی شاراوە (٨) ڕوون کردووەتەوە و لەچەند شوێنێکی دیکەی کتێبەکەشی هەمان کاری کردووە، لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێ دەدەین:

**(چەمکی بنیاد)**

- بنیاد بوونێکی پەرگەندەیی و بوونایەتی ئازادی مانایە کە بوونی مرۆڤ وەک ناوەند لە گەردووندا دەخاتە پرسیار و بیرکردنەوە (لا٨٢).
- هەموو دەقێک بەرچاوخستنی جیهانبینییەکی تایبەتە کە بریتییە لە کۆمەڵێک مەبەست و نیاز بە وردبوونەوە و گونجان و یەکگرتنەوەی سەرجەمی دەلالەتەکان لەیەک بنیات و یەک نەخشەدا، بنیاتی شاراوەی ئەو مەبەستانە دەدۆزێتەوە (لا٢٧).

تێبینی دەکرێت چەمکی بنیاتی، پتر گرێداوەتە ماناوە و وەکوو چییەتی چەمکەکە پەیوەستی نەکردووە بە زمان و شێوازەوە.

**(چەمکی بنیاتی شاراوە)**

- بنیاتی شاراوە گەڕانەوەی خوێندنەوەیە بۆ ساتە سەرەتاییەکانی نووسەر لە بیرکردنەوە. لا (٩٠).
- خوێندنەوە هەوڵی ئاشکراکردنی زمانی دووەمی بیرکردنەوە و مانایە. (لا٩٠).
- بوون بەلایەنی بنیاتی شاراوە و ناوەندی

هەمــوو کێشــەکانە. (ل٨٧).

* چەمکی (بنیاتی ڕووکەش):

- بنیاتــی ڕووکــەش جوولّــەی ئاشــکراو ڕاگەیەنــدراو بــە مێژووکــراوی مانایــە و گەوهــەری مانــا لــە خۆیــدا هەڵدەگــرێ........ بــەڵام ئــەو بوونــەی کــە بــە تەواوەتــی گەوهــەری نووســینە و بیرکردنــەوە هەڵدەگــرێ... بــزری دەکا و لــە خوێنــەری دەشــارێتەوە.

* بنیاتــی ڕووکــەش زمانێکــی بــە هونەرکــراوە، بەشــێوە و شــێواز کــراو.... فێڵێکــی هونــەری بــە مێژووکردنــی مانایــە. (ل٨٣).

* ســەرنجێکی ڕەخنەیــی لــە (تیــۆری بنیاتــی شــاراوە):

١- بــەر لــە خــودی وردەکاری چەمــک و زاراوەکانــی بنچینەی تیۆرەکە، پرسیار لە سەرچاوە مەعریفییەکانی تیۆرەکە هەیە.

ئاخــر (نەجــات حەمیــد) جەخــت دەکاتــەوە کــە ســەرتاپای تیۆرەکــە و لایەنــی پراکتیکیشــی، زادەی بیرکردنــەوەی خۆیەتــی، تــا ئــەو ئاســتەی بــە ڕەهایــی ئــەوە دووپــات دەکاتــەوە کــە تیــۆر و پراکتیزەکردنــی کارەکــەی «دوورن لــە کاریگــەری و وەرگرتــن و لاســاییکردنەوە» (ل٥).

بــەڵام هــەر خــۆی لــە لا (٧٥٩) کتێبەکەیــدا نــاوی پێنــج ســەرچاوەی فەرەنســی نووســیوە:

لــە خوارەیانــەوە نووســیوێتی (ئــەم ســەرچاوانە گفتوگۆ لەگــەڵ نووســەرەکانیاندا کراوە، لــە هەندێــک مەســەلەی وەک (مردنــی نووســەر و بنیــات)، ئەگینــا تیۆری هــەر خــۆی ســەرچاوەی هەموو نووسینەکانە).

بــا ڕســتەی (گفتوگــۆ لەگــەڵ نووســەرەکانیاندا کراوە)، کــە ڕســتەیەکی لێڵــە، بەمانــا مەجازییەکــەی- دوور لــە مانــا و ڕاســتەوخۆ واقیعییەکــەی- وەربگریــن، کەواتــە چــۆن (نەجــات حەمیــد) لــە وەرگرتــن و کاریگــەری دوور بــووە، وەک لــە (ل٥) دەڵێــت؟!

ئــەم تیــۆرە هــەر لــە ناوونیشــانەکەیەوە تــا کۆتاییەکــەی دەیــان زاراوەی ڕەخنەیــی لەخۆگرتــووە، پێــش (نەجــات حەمیــد) لەلایــەن میتــۆد و تیــۆرە زمانــی و ڕەخنەییەکانــەوە بەکارهێنــراون، بــۆ نموونــە:

(بنیــات، بنیاتــی شــاراوە، بنیاتــی ڕووکــەش، دال و مەدلــول، فرەمانایــی دەق)، ئەمانــە هەمــوو لەنێــو میتــۆدی بنیادگــەری سۆســێر و چۆمســکی و شــتراوس و گۆڵدمــان و جــاک دێریدا بەکارهێنــراون، بــە ئاماژەنەدان بــە ســەرچاوەی وردەکاری بۆچوونەکانــی (نەجــات حەمیــد) بەرهەمەکــەی خســتووەتە نێــو لێڵییەکــی مەرجەعــی فیکرییــەوە، خوێنــەر نازانێــت نووســەری (ت. ب. ش) لــە کوێــدا دیــد و ئایدیــای خۆیەتــی و لــە کوێــدا بۆچوونــی کەســانی دیکەیــە؟ لــە کاتێکــدا جەخــت لەســەر خاوەندارێتــی تیۆرەکــە دەکاتــەوە!

ئــەم خاڵــە بــۆ بابەتــی ئــەم لێکۆڵینەوەیــەی ئێمــە گرنگــە، تابزانیــن ڕەخنەگر چــۆن و چەنــد و لــە کوێــوە تیۆرێکــی نوێــی بــۆ ڕەخنــەی ئەدەبــی کــوردی داڕشــتووە؟

زۆربــەی چەمــک و زاراوەکانــی کتێبــی (ت.ب.ش)، چونکــە لــە تیۆرەکانــی دیکــەی ڕەخنــەی ئەدەبــی و زمانناســی بــاس کــراون، جێپەنجــەی (نەجــات حەمیــد)ی تێــدا بــزرە و جێــی گومانــە، چونکــە ڕاســتە داڕشــتنی تیــۆر و ئایدیایــەک ســوود لــە کارەکانــی پێــش خــۆی دەبینێــت، ئەمەیــان گرفــت نییــە، گرفتەکــە لەوەدایــە ئایدیا و بۆچوونەکانی نێو تیۆرەکــە، وا بــە تێکــەڵاوی خراونەتــەڕوو، خوێنــەر دەپرســێت کــوا نوێــکاری و گۆڕانکارییەکانــی نەجــات حەمیــد لــە کتێبــی (ت.ب.ش)؟

**دووەم: کتێبــی (دامەزراندنــی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنــە، هەرێم عوســمان، ٢٠١٨)**

د. محەمــەد کەمــال هــەر لــە ســەرەتای کتێبەکــەدا، هەوڵەکــەی (هەرێم عوسـمان)مان بەوە پێ دەناسـێنێت

کە (هەوڵدانێکی فەلسەفییە بۆ تێگەیشتن لە ڕەخنە و کردنەوەی بواری فراوانتر بۆ نووسین و دایەلۆگ لەسەر ڕەخنە بەگشتی و ڕەخنەی کوردی بەتایبەتی) (٩).

ئاشکرایە پێشتر لە لا (٧)ی کتێبەکەدا بنەمای ئەم هەوڵە فەلسەفییەی بۆ خوێنەر دیاری کردووە کە (دامەزراندنی ڕەخنە لەسەر بنەمای ئۆنتۆلۆجییانە، بۆ ئەم مەبەستەش هەرێم بۆ بۆچوونەکانی مارتن هایدگەر گەڕاوەتەوە و سوودی لێ وەرگرتوون)

هەرێم عوسمان خۆیشی بەم شێوەیە هەوڵەکەی خۆی دەناسێنێت (ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ بنیادنانی ڕوانین و ئایدیایەکی نوێ لەبارەی ڕەخنەوە، بەدیاریکراویش ڕەخنەی ئەدەبی) (١٠) هەوڵەکەی خۆی بە ئایدیایەکی نوێ لە قەڵەم دەدات و ڕاستەوخۆ سەرچاوەی مەعریفی ئایدیاکەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت (ئەم ئایدیایە سوودی لە ئۆنتۆلۆجی.. فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمانی مارتن هایدگەر وەرگرتووە) (١١).

هەڵبژاردنی ئەم بنەما فەلسەفییەی لەو سۆنگەیەوە هەڵبژاردووە کە (لەسەر بنەمای پێوەندی ئۆنتۆلۆجی سێکوچکەی (نووسەر- تێکست- خوێنەر) ئایدیا نوێیەکە خراوەتەڕوو) (١٢).

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا (ل ٢٩-٨٨) بە ناوونیشانی (چەمکەکان و ناساندنی ئایدیاکە،چەمکە کلیلییەکان و پەیوەستکردنی بە ئایدیاکەوە). قسەی لەسەر ئەم بابەتانە (ئۆنتۆلۆجی، دازاین، پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی دازاین، جۆرەکانی پێوەندی داهێنەرانە وەک مەرجی ڕەخنە، تێکست وەک جیهان و نیشتیمان).

بەڕوونی جەمسەرە جیاوازەکانی ئایدیاکەی گرێداوەتە یەکەوە و پێوەندی و کاریگەری نێوانیانی خستووەتە ڕوو، ئەوەی لەم شرۆڤەکردنەدا جێی



**هەرێم عوسمان**

سەرنج بێت ئەوەیە کە ئاماژە بەوە دەدات، خۆی خاڵی (ویست / هێز)ی پێشنیارکردووە، وەک پێشمەرجێک بۆ پرۆسەی خۆتەواوکردنی مرۆڤ؛ چونکە مرۆڤ لە دیدی هایدگەرەوە ناتەواوە و ئەگەری لە بەردەمدایە کە بوونی خۆی هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی بوونی خۆی تەواو بکات. (١٣).

هەرێم بیرۆکەی ئەم پێشنیارەشی هەروەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات لە بۆچوونەکانی ئەرستۆ (غەریزەی زانین)، نیتشە (هێز)، شۆپنهاوەر (ویست و ئیرادە) وەرگرتووە.

لێرەدا هەرێم هەوڵەکەی لەسەر بنەمای (ڕەخنە وەک ئۆنتۆلۆجی و ئۆنتۆلۆجی ڕەخنە لەسەر بنەمای پێوەندی تەماشاکراوە، واتە چەند جۆرێکی پێوەندی پەیوەست بە نووسین خراوەتەڕوو، لێرەوە لەسەر بنەمای پێوەندی ئۆنتۆلۆجی سێکوچکەی (نووسەر- تێکست- خوێنەر) ئایدیا نوێیەکەی خراوەتەڕوو) (١٤).

ئەرکی سەرەکی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە، ئەوە نییە لە وردەکاری شرۆڤەکردنی (هەرێم عوسمان) بکۆڵینەوە و بزانین چۆن و چەند

چەمک و زاراوەکانی هایدگەری شی کردووەتەوە؛ بەڵکوو بەر لەمە لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا ئەم هەوڵەی (هەرێم عوسمان) بۆ دامەزراندنی ڕەخنە بە گشتی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی، تا چ ڕادەیەک سەرچاوە مەعریفییەکەی کوردییە و تا بکرێ بگوترێ ڕەخنەی کوردییش خاوەنی ئایدیا و ڕێبازی سەربەخۆی خۆیەتی.

لە ئاستە گشتییەکەیدا لە بایەخی ئەم هەوڵە کەم ناکەینەوە،، هەر نەبێت جۆرە بوێری و بیرکردنەوەیەکی تێدایە بۆ دارشتنی ئاراستەیەکی ڕەخنەیی، بەڵام لە ئاست پرسیاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان، دەکرێت بڵێین ئەم هەوڵە زیاتر ڕوونکردنەوە و ڕێکخستنی دیدی هایدگەرە، ئیزافەیەکی کوردییانەی تێدا بەدی ناکرێت، بێجگە لەمەش کاری ڕەخنەیی لە دیدی فەلسەفەی بوون و بوونگەراییەوە، ڕەخنەی ئەوەی ئاراستە دەکرێت کە پتر سەرقاڵی هزر و ئایدیا دەبێت و ئیستێتیکای دەق فەرامۆش دەکات.

**تەوەری دووەم:**

**دەق لەبەردەم خوێندنەوەیەکی ئیشراقیدا**

کتێبی (ئیشراق وەک ڕامانێکی ڕەخنەیی، هۆشەنگ شێخ محەمەد یووسف، ٢٠٢٢)، نوێترین هەوڵە لەنێو ڕۆشنبیریی کوردیدا، بۆ دارشتنی ڕێباز و ئاراستەیەکی خۆماڵی سەربەخۆ بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.(١٥)

هۆشەنگ شێخ محەمەد لە کتێبی ناوبراودا، هەوڵی داوە چوارچێوەیەکی تیۆری لە دیدێکی سۆفیگەرییانەوە بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی کوردی بخاتەڕوو، بە وتەی خۆی ئەم کتێبە (هەوڵێکە بۆ پەیداکردنی ڕامان و بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەیی کە بتوانێت بە ناوەرۆک و شێوازێکی مرۆڤانە لەنێو ڕۆشنبیریی کوردیدا ئیش بکات) (١٦).

نیاز و مەبەستی سەرەکی هۆشەنگ لەم کارەیدا، دیتنەوەی سەرچاوەیەکی مەعریفی و ڕەخنەیی خۆماڵییە، بە مانا ڕۆژهەڵاتی و نەتەوەیییەکەی؛ ڕاستەوخۆ ئامانجی کارەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت (بۆیە ئەم هەوڵە ڕەخنەییە، بە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی ئیشراق، لەپێناو دامەزراندنی ڕەخنەیەکی کوردی ڕەسەن و زیندوو) کە بتوانێت کوردانە لەبارەی وتارەکانی ئەدەب و فەرهەنگ و زمان و دەقگەلی خۆیەوە بدوێت، بتوانێت ئۆنتۆلۆجیانە بیر لە هەر سێ یەکەی سەرەکی بکاتەوە: خودا و مرۆڤ و جیهان) (١٧)

واتە هۆشەنگ شێخ محەمەد دەیەوێت بۆ ڕەگێکی کوردی بگەڕێتەوە، کە لێرەدا مەبەستی (عەقڵێکی کوردانەیە)، ئەمەش لە فەلسەفەی ئیشراقییانەی کورددا دەبینێتەوە کە پێی وایە، سەرەتای بیرکردنەوەی ئەم فەلسەفەیە بۆ سەردەمی شێخ شەهاب یەحیای سورەوەردی (١١٥٥ز- ١١٩١ز) ناسراو بە شێخی ئیشراق و خاوەنی کتێبی (حیکمەتی ئیشراق) دەگەڕێتەوە.

مادام لەم بابەتەدا ڕوانین و جیهانبینی گرنگە، ئیدی بەرجەستەکردن و گوزارشتکردن لەم ڕوانین و عەقڵییەتە بە چ زمانێکە لەڕووی نەتەوەیییەوە، کێشەیەک نییە،خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئیشراق (قسە لەسەر خودا و خود و جیهان دەکات، بە ئەقڵێکی کوردانە کە زادەی بیرکردنەوەی خۆیەتی لە فەزایەکی فەلسەفی و عیرفانی باڵادا... جا ئەم دواندنە بە زمانی کوردی، یان عەرەبی، یان فارسی نووسرابێتەوە) (١٨). واتە ناوەرۆک و سەرچاوە مەعریفییەکە پێوەرە،

نـەک زمانـی نەتەوەیـی نووسـینە ڕەخنەییەکـە؛ ئەمـەش لێـرەدا پێوەرێکـی دروسـتە، چونکـە لـە کاری ڕەخنەییـدا دیـد و تێگەیشـتنی ڕەخنەیـی ڕەخنەگـر گرنگـە بـۆ بڕیـاردان لەسـەر ناسـنامەی نەتەوەیـی بەرهەمـە ڕەخنەییەکـە.

هۆشـەنگ پێـی وایـە - بۆچوونەکەشـی دروسـتە - لەنـاو ڕۆشـنبیری و ڕەخنـەی ئەدەبـی کوردیدا، میتـۆد و ئاراسـتەی ڕەخنەیـی جۆراوجـۆر کاری لەسـەر کـراوە، بـەڵام سـەرچاوەی ئـەم ڕێبـازە ڕەخنەییانـە؛ چونکـە فەلسـەفەی خۆرئاوایـی بـوون، بۆیـە نەیانتوانیـوە «ڕەخنەیەکـی کـوردی بـۆ دەقـی کـوردی» (١٩) دابنێـن.

هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد لـە خەمـی دیتنـەوەی دیـد و ڕێبازێکـی ڕەخنەیـی ڕەسـەنی خۆماڵییـە، بـەڵام بەدرێژایـی سـەدەی بیسـت، لەبـەر ئـەوەی ڕەخنـەی کـوردی سـەرچاوە مەعریفییەکانـی خۆماڵـی نەبـووە؛ بۆیـە پێـی وایـە «ڕەخنـەی کوردی لـەم سـەد ساڵەدا بەرهەمێکی کاریگـەری لەسـەر هۆشـیاری کۆمەڵایەتـی نەبـوو، ئێمـەی نەبـردەوە نێـو خۆمانـەوە» (٢٠)، لەگـەڵ ئـەم ڕەخنەگرتنەشـیدا ئـەوە ڕەت ناکاتـەوە کـە دەکـرێ سـوود لـە مەعریفـە و فیکـری ڕەخنەیـی خۆرئـاوا وەربگریـن، بـەڵام «بەڕوحێکـی کوردانـە و خۆرهەڵاتییانـە» (٢١).

لـە ڕوانگـەی هۆشـەنگ شـێخ محەمـەدەوە، کـورد خاوەنـی میراتێکـی ئیشـراقییە، بـەڵام بەدرێژایـی سـەدەی بیسـت، کـورد نەیتوانیـوە سـوودی لـێ ببینێـت، ناوبـراو بـەم شـێوەیە قۆناغبەندیـی بـۆ سـەد سـاڵی ڕابـوردوو دەکات:

١- پێـش دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق (بـاس لـە ئامادەبوونـی چەمکـی ئیشـراق و ڕەنگدانـەوەی دەکات لەنێـو کۆمەڵگـەی کـوردی و بەتایبەتیـش لەنێـو شـیعری کلاسـیکی کوردیـدا).



**هۆشەنگ شێخ محەمەد**

٢- قۆناغـی دوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق، بـە بۆچوونـی هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد، میراتـی ئیشـراقییانە لـەم قۆناغـەدا (ئەگـەر نەڵێیـن لەنێـو چـووە، ئـەوە دەڵێیـن زۆر کـز و لاواز و بـێ کاریگـەری بـووە) (٢٢)

٣- قۆناغـی دوای ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١، لـە ئاسـت ئـەم قۆناغـەدا دەڵێـت (ڕاپەڕیـن هەلێکـی چاک بـوو، تـا ڕۆشـنبیری کـورد، بـەرەو میراتـی ئیشـراقی و فەلسـەفەی خۆرهەڵاتـی و (سـورەوەردی) و نـاوی تـر بگەڕێتـەوە،.........، بـەڵام بەداخـەوە ڕۆشـنبیری کـورد لـە بـری ئـەوەی ڕوو لـەم میراتـە خۆماڵـی و خۆرهەڵاتییـە بکاتـەوە، پتـر بـەرەو خۆرئـاوا و ڕەمـز و بەرهـەم و کولتـووری ئـەوان چـوو) (٢٣)

هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد لـە پێداچوونەوەیەکـی مێژووییـدا بـۆ خسـتنەڕووی چۆنیەتـی و چەندێتـی ئامادەبوونـی ئیشـراق لـە ئەدەبـی کوردیـدا، سـەرنجێکی خێـرای پانۆرامایـی دەخاتـە بەرچـاو لـە (بابـا تاهیـری هەمەدانـی) یـەوە پێدادێـت، زۆر بـە

کورتـی و خێرایـی شـاعیرانی وەک (فەقـێ تەیـران، مـەلای جزیـری، خانـی، مـەلا پەرێشـان، بێسـارانی و پێرەمێـرد و بێکـەس و دڵداریش بەسـەر دەکاتـەوە) (٢٤).

هـەر ناوێـک لـەم ناوانـە- بـە شـێوەیەک لـە شێوەکان- دەباتـەوە بۆ نێو بازنەی ئیشـراقیبوون. بـۆ نموونـە، دەڵێـت:

- بابـا تاهیـری هەمەدانـی، لـە شـیعرەکانیدا بایەخـی بـە سـۆفیگەرییەکی شـێوە فەلسـەفی داوە. (لا٦١).

- فەقـێ تەیـران، بەتـەواوی ئیشـراقی بـووە. لا (٦٢)

- مـەلای جزیـری، ئیشـراقییەکی گـەورەی نێـو ئەدەبـی کوردییـە .لا (٦٢).

- بێسـارانی، ئەگـەر نەڵێیـن ئیشـراقییە، بێگومـان سـەر بـە تەریقـەت و شـەریعەت نەبووە. لا (٦٣).

-نالـی، شـیعرەکانی بنەمایەکـی فەلسـەفی و سـۆفیگەرییەکی نایابیـان تێدایـە .لا (٦٤)

هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد هـەر بە مانەوە ڕاناوەسـتێ، بـۆ ئـەوەی بەردەوامیـی ئامادەیـی چەمـک و دیـدی ئیشـراقییانە لەنێـو شـیعری کـوردی بسـەلمێنێت، لـە پەنـای زاراوەی (ئیشـراقی نـوێ)وە نـاوی گـۆران و هـەردی و گرووپـی (ڕوانگـە)ش تێکـەڵ بـە باسـەکەی دەکات و وەک درێژەپێـدەری پرۆسـەی ئامادەبوونـی چەمکی ئیشـراق لـە شـیعری کوردیـدا لـە قەڵەمیـان دەدات، بـەڵام بـە ناونیشـانی هۆشـیاری نوێـی کۆمەڵایەتـی لـە ئەدەبـدا.

جێی سـەرنجە هۆشـەنگ شـێخ محەمەد مەبەسـت و تێگەیشـتنی خـۆی بـۆ زاراوەی (ئیشـراقی نـوێ) ڕوون ناکاتـەوە و خاڵـی بەیەکگەیشـتنی دنیابینـی نێـوان شـاعیرانی وەک (جزیـری و گـۆران و بێکـەس و هـەردی) ڕوون ناکاتـەوە، ئەمـەش بـۆ خـۆی گرفتێکـی فیکـری و فەلسـەفییە کـە ڕووبـەڕووی ئەم تێکەڵـکاری و ئاوێتەکردنـەی نێـوان بـۆ نموونـە، بابـا تاهیـر و هـەردی و فایـەق بێکـەس دەبێتـەوە.

**پوختەی ڕامانی ڕەخنەیی ئیشراق:**

بـەر لـە هەمـوو شـتێک هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد ئـەم هەوڵـەی خـۆی بـە ڕامـان و بیرکردنـەوەی ڕەخنەیـی لـە قەڵـەم داوە و جەختیـش لـەوە دەکاتـەوە کـە ئـەم کارەی (تیـۆر و میتۆدێکـی ڕەخنەیـی نییـە) لا (١١٦)، ئەگەرچـی ئـەم ڕامـان و بیرکردنـەوە ڕەخنەییيـە بـە وردی و بـە ڕوونـی نەخسـتووەتە ڕوو کـە لـە ئاسـت دەقـی ئەدەبیـدا، ڕەخنەگـر چـۆن هەنـگاوی شـیکارانەی دەنێـت، بەڵکوو بـەدەم بەراوردکردنـی هەنـدێ بیر و بۆچوونی نێـوان نیتشـە و هایدگـەر و سـورەوەردییەوە، چەنـد ئەدگارێکـی ڕەخنـەی ئیشـراقی بـاس کـردووە وەکوو:

- ئەگـەر لای نیتشـە، مەرگـی خـودا دەروازەیـەک بێـت بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بچێتـەوە نێـو خـودی خـۆی و مرۆڤبوونـی ڕەسـەنی خـۆی ئازادانـە پێـڕەو بـکات، لای سـورەوەردیش ئیشـراق سـاتی حـزووری مرۆڤبوونـی مرۆڤـە، چ لای (حەکیمـی خـۆزان)، یـان (قائیمـی کتێـب). (لا ٨٥)

- ئیشـراق قسـە لەسـەر (خـودا، خـود، جیهـان) دەکات بـە ئەقڵێکـی کوردانـە..... کـە کوردانـە بـە ڕەمـز و ئامـاژەی ئیشـراقییەوە دەدوێـت (لا ١٠٨).

- لای سـورەوەردی دەقی نوێ دەبێتە سرووشـێکی نوێـی جوبرەئیـل و پەیامێکـی نوێـی خوداوەنـد بـۆ برایانی. لا (٨٣)

- ئیشـراق، ئیعتبـار گەڕانەوەیـە بـۆ هـەق و مـرۆڤ. (لا١١١)

- ڕەخنەگـری ئیشـراقی، ئـەو ڕۆشـنبیرەیە کـە دەتوانێـت مرۆڤانە دەقـەکان بخوێنێتـەوە. (لا١١٢).

- ڕەخنەگـر وەک کەسـێکی ئیشـراقی، وشـیار بـە لۆگـۆس، ئازادانـە وتـارەکان دەخوێنێتەوە. بەم ئازادییـە دەیخاتـە نێـو بازنـەی ئەخـلاق و بابەتـی

هـزر و بیـر کردنـەوەوە، یـان بەرزکردنـەوەی وتـار و دەقــەکان بــۆ ئاســتی هــزر، وەک واجبێکــی بنەڕەتـی دەبینێـت. شـتێک کـە لـە بوونـی مرۆڤـدا ڕەســەنە. هــەر ئــەو مرۆڤبوونــە دەبێتــە چەقــی ڕەخنەگرتنـی ئیشـراقی و کەشـفکردنی واتـا و ڕاز و نهێنییەکانــی دەبێتــە کاری ڕەخنەگــر.لا١١٤

لــەم کورتــە ڕوونکردنانــەوە و بەراوردکارانــەدا، ڕوون دەبێتــەوە کــە ڕەخنــەی ئیشــراقی پتــر ســەرقاڵی ڕەهەنـدی فیکـری و فەلسـەفییە، لەبـەر ڕۆشـنایی چەمـک و زاراوەکانی حیکمەتی ئیشـراقی سـورەوەردی، ئیـدی لێـرەوە دەبێتـە ڕەخنەیەکـی پێوەریــی (معیــاری) و بــەم پێــوەرە تەماشــای دەق دەکات و بڕیـاری فەرامۆشـکردنی ئـەو جـۆرە دەقانـە دەدات کـە (ناتوانـن حزوورێکـی مرۆڤانـە پێشـکەش بکـەن). (لا١٠٥)

### هەڵسەنگاندنی ڕامانی ڕەخنەیی ئیشراقی:

سـەرەتا ئـەم هەوڵـە جێـی بایەخـە کـە بتوانرێـت ئاراسـتەیەکی ڕەخنەیـی بێتـە ئـاراوە، لەسـەر بنەمـای داڕشـتنی دیـد و ڕێبازێکـی خۆماڵـی و سـەربەخۆ، لەلایەکی دیکەشـەوە گرنگی بداتـە بنیادنانی کەسایەتی تاکـی کـورد بـە پشتبەسـتن بـە ژێدەرێکـی مەعریفـی کوردانـە.

### ئەم هەوڵە ڕووبەڕووی چەند پرسیارێک دەبێتەوە:

١- کێشــەی کوردیبوونــی فەلســەفەی ئیشــراقی سورەوەردی

بەکارهێنانـی زاراوەیەکـی (ئیتنی- ناسیۆنالیسـتی) بــۆ کارێکــی فەلســەفی و میتافیزیکــی کارێکــی یەکلاکـەرەوە نییـە و ڕاجیایـی هەڵدەگرێـت، چونکـە تێـزی میتافیزیکـی بازنـە و ڕووبەرێکـی بەرفراوانـی مرۆییـە،زۆر جاریـش دەبێتـە بەرهەمێکـی هاوبەشـی نێـوان میللەتانـی جیـاواز، بۆیـە میللەتانـی دیکـەش لـە خاوەنداریێتیکردنـی ئـەم جـۆر ئایدیـا و تێزانـە بەشـدار دەبـن، ئەوەتـا میللەتانی دیکـەش کاریگـەر بوونــە بــەم فەلســەفەیەی ســورەوەردی و خــودی ســورەوەردیش، بـە بەشـێک لـە کولتـوور و مێـژووی خۆیـان دەزانـن.

٢- هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد لـە وتـاری (جیلـوەی کوردبــوون لــە نووســینەکانی ســوورەوەردی و شـارەزووریدا) قسـە لەسـەر ئـەوە دەکات کـە بابەتـی کوردبــوون لەنێــو بازنــەی ڕوح و عیرفانــدا، بــە زمانــی نەتەوەییــەوە پەیوەســت نییــە، دەڵێت: (بــۆ مــن کوردبوونــی ئــەم دوو زاتــە، لێکۆڵینەوەیــە لــە مێــژووی قودســی، نــەوەک شــانازیکردن بــە مێــژووی نەتەوەیی...مێــژووی قودســی مێــژووی ئەقــڵ و میتافیزیکــە) (٢٥)

کەواتــە بابەتەکــە لێــرەدا، بــە ڕوح و بابەتەکانــی موقەددەســەوە پەیوەســتە، لێــرەدا دەپرســین مەبەسـت لـە کوردبـوون چییـە؟ پێـوەری کوردبـوون چییـە؟ جیلـوە و دەرکەوتـەی لـە کوێدایـە؟ ئەگـەر جیلــوەی کوردبــوون بــەم تێگەیشــتنەی ئێســتا بوایــە کــە قســە لەســەر ســورەوەردی دەکرێــت، ئــەوە کەســێکی وەک (مــەلا ســەدرای شــیرازی) بــە ســورەوەردی کاریگــەر نەدەبــوو، چونکــە جیلــوەی میللەتــی خــۆی- بــە چەمکــە ناسیۆنالیســتەکە- بــە فەلسـەفەی ئیشـراقییەکەی سورەوەردییەوە نەدەدی.

٣- لە ڕووی میتۆدی ڕەخنەییەوە، ڕەخنەی ئیشـراقی وەک زۆربــەی میتــۆد و ئاراســتە ڕەخنەییەکانــی دی، تاکڕەهەندانــە مامەڵــە لەگــەڵ دەق دەکات، بــەو مانایــەی زیاتــر ســەرقاڵی ڕەهەنــدە فیکرییەکــەی دەق دەبێت،ئەمــە جگــە لــەوەی ڕەخنــەی ئیشــراقی هــەر خـۆی، پێـش وەختـە هێڵێکـی ڕاسـت و چەپـی بەسـەر ئـەو دەقانـەدا هێنـاوە کـە ناتوانـن- بـە دیـدی خـۆی - (حزوورێکــی مرۆڤانــە پێشــکەش بکــەن). لەگــەڵ ئــەم سەرنجانەشــدا، ئــەم هەوڵــەی هۆشــەنگ شــێخ

محەمـەد، پتـر ئەگـەری ئـەوەی هەیـە چێوەیەکـی ڕەخنەیـی لـێ بێتـە ئـاراوە و وەک سـەرچاوەی مەعریفیش لـە خۆماڵیبوونـەوە نزیکـە، لەچاو هـەردوو هەوڵەکـەی نەجـات حەمیـد و هەرێـم عوسـمان.

**ئەنجام:**

١- درەنـگ کەوتنـی بوونـی هەوڵـی داڕشـتنی ئاراستەیەکی ڕەخنـەی خۆماڵـی بـۆ دەقـی کـوردی، ئۆباڵێکـی زۆری لـە ئەسـتۆی ئـەو دۆخـە سیاسـییە دژوارەیـە کـە میللەتـی کـوردی پێـدا تێپەڕیـوە.

٢- خەمخواردنـی نووسـەرانی کـورد بـۆ هێنانـە ئـارای ئاراسـتە و ڕێبازێکـی سـەربەخۆی خۆماڵـی بـۆ خوێندنـەوەی دەقـی کـوردی، نیشـانەی گەشـەکردنی هۆشـیاری ڕەخنەیـی و شـکاندنی تەوقـی خـۆ بـە کـەم زانینـە لـە ئاسـت پرۆسـەی داهێنـان بـە مانـا گشـتییەکەی.

٣- ئـەو هەوڵانـەی لـەم نووسینەدا بـاس کـران، هـەر یەکێکیـان گرفـت و پرسـیاری وەڵامنـەدراوەی خـۆی هەیـە، بۆیـە هیـچ کام لـەم هەوڵانـە لـە ئاستی تیـۆری و پراکتیکیشدا ڕەنگدانەوەیـان لەنـاو ڕەخنـەی کوردیـدا، یـان نەبـووە، یـان زۆر کـەم بـووە، بـە شـێوەیەک لـە سـنووری خاوەنەکانیـان دەرنەچـووە.

٤- کتێبـی ئیشـراق وەک ڕامانێکـی ڕەخنەیـی، لەوانـی دی زیاتـر، سـیما و مۆرکـی خۆمانـەی پێـوە دیـارە، دەکـرێ ئیشـی زیاتـری لەسـەر بکرێـت. باشـتر تیۆریـزەکاری بـۆ بکرێـت و پتـر مـۆری خۆماڵیبوونـی پێـوە دیـار بێـت.

٥- بەگشتی بوونی هەوڵـەکان کارێکی پۆزەتیڤـە و دەشـێ ڕێگـە خۆشـکەر بێـت بـۆ بیرکردنـەوە لە داڕشتنی هـەوڵ و دیدی دیکـە.

**پەراوێزەکان:**

١- پرۆژە، ژ(١)، ١٩٩٢،ل١٠

٢- پرۆژە، ژ(١)، ١٩٩٢، ل٢١

٣- پرۆژە، ژ(١)، ١٩٩٢، ل١٧

٤- ڕێبـەری نامـە ئەکادیمییەکانـی زمانـی کـوردی، شـوان سـلێمان یابـە، هەولێـر، ٢٠٠٦، ل١١

٥- تیۆری بنیاتی شاراوە، نەجات حەمید، ل٥

٦- تیۆری بنیاتی شاراوەی دەق، ل٥

٧- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە

٨- تیۆری بنیاتی شاراوە، ل٨١-٩٣

٩- هەرێم عوسمان، دامەزراندنی........، ل١٧

١٠- هەمان سەرچاوە، ل١٨

١١- هەرێم عوسمان، دامەزراندنی......، ل١٨

١٢- هەمان سەرچاوە، ل١٩

١٣ - هەرێـم عوسـمان، دامەزراندنـی بنەمایەکـی ئۆنتۆلۆجـی بـۆ ڕەخنـە، ل٤٣ -٤٤

١٤- هەمان سەرچاوە، ل١٩

١٥- پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکرێـت کـە (گـۆران سـەباح) بـۆ یەکـەم جـار بەناوونیشـانی (چەکەرەکردنـی ڕەخنـە بـە تـۆوی ئیشـراق: تیـۆری ڕەخنـەی خۆماڵـی، بازنـەی سـێیەمی گێڕانـەوە) قسـەی لەسـەر ئـەم هەوڵـەی هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد کردووە، بڕوانـە : چۆن ڕەخنـە لـە ڕۆمـان بگریـن، گـۆران سـەباح، خانـەی کولتـوور، هەولێـر، ٢٠٢٣، ل١٣١-١٢٠.

١٦- هۆشـەنگ شـێخ محەمەد (ئیشـراق وەک ڕامانێکی ڕەخنەیـی) ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێر٢٠٢٢، ل٧.

١٧- هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد، ئیشـراق وەک ڕامانێکی ڕەخنەیی، ل١٠٧- ١٠٨

١٨- هۆشـەنگ شـێخ محەمـەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٠٨

١٩- هۆشـەنگ، ئیشـراق وەک ڕامانێکـی ڕەخنەیـی، ل٧٤

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل٧٦

٢١- هەمان سەرچاوە، ل٧٩

٢٢- هۆشـەنگ، ئیشـراق وەک ڕامانێکـی ڕەخنەیـی، ل٧٧

٢٣- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

٢٤- هۆشـەنگ، سـەرچاوەی پێشـوو، لاپەڕەکانـی (٦١ -٦٨)

٢٥- ئیسـماعیل شـەمس (ئامادەکار)، لە سـوهرەوەردەوە تـا شـارەزوور، بابەتەکانـی دیـداری سـوهرەوەردی و شـارەزووری، دەزگای جەمـال عیرفـان، ٢٠٢٥، ل٢٠٥.